## تەنز

# پانۆراما(31)

ستیڤان شەمزینانی
Shamzini79@hotmail.com



## خیانەت

کچێکی هەرزەکار هاتە بەردەمم‌و لێی پرسیم: هۆی زۆربوونی خیانەتی هاوسەریی چییە؟ لەو چرکەیەدا دەمم بوو بە تەڵەی تەقیووەوەو هیچم بۆنەوترا، پاشان بیرم کردەوە:

- مادام خیانەت لەوڵات‌و نەتەوە بەئاسایی وەرگیراوە، خیانەت بووە بەئاو خواردنەوە.
- مادام خائینەکانی دوێنی بەپیاوە دڵسۆزەکانی ئەمڕۆ دەرچوون، خیانەت بووە بەدۆخواردنەوە.
- مادام میدالیای پێشمەرگەی پارتیزان بە بەرۆکی جاشێکی خائیندا دەکرێ، خیانەت بووە بەماستاو خواردنەوە.
- مادام خیانەتکارێك واستە بۆ پیاوێکی رابردوو پاك دەکات، خیانەت بووە بە شەربەت خواردنەوە.
- مادام خائین وانەی دڵسۆزیی‌و مەبدەو دەڵێتەوە، خیانەت بووە بەبیرە خواردنەوە.
- مادام خیانەتکارو کوردی بێ غەل‌و غەش بە یەك لیست موچە وەردەگرن، خیانەت بووە بەچاخواردنەوە.
- مادام موچەی رێزلێنانی خیانەتکار دوو ئەوەندەی موچەی بە هەڵوێستێکە، خیانەت بووە بەرِیدبۆڵ خواردنەوە.
- خۆشم پرسیارێکم لا دروستبوو، لەنیشتمانی خائینانداا بۆچی پرسیاری هۆی خیانەتم لێدەکرێت ؟

## بڕوانامە

بڕوانامە وەك ئەو ئەکتەرەی لێهاتووە لەدرامایەکدا رۆڵی پادشادەبینێت، نازانم بۆچی؟ بەڵام:

- ماستەری لە فیزیادا هەیەو هێشتا نیوتن‌و ئەنشتاین لەیەکتری جیاناکاتەوە.
- دکتۆرای بە پلەی نایاب لە ئەدەبدا هەیە، بە ئیستاتیکا دەڵێت ئێستاتێیکە.
- ماستەری لە جوگرافیادا هەیەو نازانێت دووریی نێوان سلێمانی –کەرکووك چەند کیلۆمەترە.
- دکتۆرای لە مێژووی سلێمانیدا هەیەو لە کۆڕێکدا مامە یارەی بەکۆیی دانابوو.
- ماستەری لە زمانی کوردیدا هەیە، بەزمانی عەرەبی وتار لەسەر پاسترناك دەنووسێت.
- دکتۆرای بە پلەی زۆر باشە لە بیرکاریدا هەیە، بە پەنجە نۆو هەشت کۆدەکاتەوە.
- ماستەری لە کیمیادا هەیە، نازانێت رێژەی هایدرۆجین‌و ئۆکسژین لە هەوادا چەندە.

- دكتۆرای هەیە لەسەر ئیسلامی سیاسیو ناوی پانزە حیزبی ئیسلامی لە هەموو دنیادا نازانێت.
- ماستەری هەیە لەزانستە رامیارییەكاندا، كەچی رائیدی سوپای نوێی عێراقە لە موسڵ.
- دكتۆرای هەیە لەبواری جیۆلۆجیداو خەبیرە لەوەزارەتی خوێندنی باڵا.

# دزیی

- دزیی لەخەیاڵدانی ئێمەی كورددا تەنیا هەبووی بەرجەستە دەگرێتەوەو دزیی نابەرجەستە فەرامۆشكراوە وەك:
- نووسەرێكی كرچو كاڵ شەش پەرەگرافی نووسەرێكی تر دەدزێو لەماڵپەڕێكدا بڵاویدەكاتەوە.
- گۆرانیبێژێكی نەشارەزا ئاوازێكی ناسراو دەدزێو بەناوی خۆیەوە بڵاویدەكاتەوە.
- شاعیرێكی بێ ئەزموون چوار كۆپلە شیعری شاعیرێكی نێودار دەخاتە ناو دیوانەكەیەوە.
- رۆژنامەنوسێكی فەل، راپۆرتی رۆژنامەنوسێكی كارا بە خاڵو فاریزەوە دەدزێت.
- چیرۆكنووسێكی فاشیل حەڤدە دێڕی لەدوای یەك لە چیرۆكی نووسەرێكی جیهانییەوە كۆپێ دەكاتە ناو زرە چیرۆكێكی خۆیەوە.
- لێكۆڵەرەوەیەكی ساختە، شەست دێڕ لەنووسینێكی كۆنی شاعیری عەرەب (ئەدۆنیس)ەوە وەردەگێڕێتو وەك نووسینی خۆی بڵاویدەكاتەوە.
- بەناو سینەما كارێكی كورد بە عالەمی ئاشكرا لەدووفیلمدا دزیی لە دەرهێنەرێكی ناسراو دەكات.
- شانۆنامەنووسێكی بەتاڵە، سێ لاپەڕە لە چیرۆكێكی (چیخۆف)ەوە بێ هیچ ئاماژەپێدانێك لوول دەداتە ناو شانۆگەرییەكییەوە.
- ئێنشا نووسێك لەسلێمانی هەیە لە چاپخانەی شەعب دەتدوێنێت تا هەندێك قسە بكەیت بۆ ئەوەی سبەینێ لە سایتەكاندا وەك وتارێك بڵاوی بكاتەوە.
- بەرپرسێكی سیاسیش هەر ئەم كارە دەكات، كاتێك بەدزیی جانتاكانی پڕ لە دۆلار دەكات.

# پارچە زەوی

- لەكۆبوونەوەی مەكتەبی سیاسیدا دەربارەی دابەشكردنی چەند پارچە زەوییەك فەرماندرابە:
- دووپارچە زەوی بدرێت بە كاك هین، تازە پەیوەندیی كردووە بەریزەكانی حیزبمانەوە.
- پارچەیەك زەوی بدرێت بە هین خان، زۆر رووخۆشو كراوەو موجاملە.
- سێ پارچە زەوی بدرێت بەسەرۆك عەشیرەتی (.....) تۆزێك نیگەرانە لێمان.
- پارچەیەك بدەن بەو پێشمەرگە كۆنە، موستەهەق نییە، بەڵام خەریكە حەیامان دەبات.
- پارچەیەك زەوی بدەن بە مامۆستا (....)  بەنیازە بەخۆیو پەنجا كەسەوە سەنگەربگوازنەوە بۆناو حیزبمان.
- دووپارچە زەوی بدرێت بە بەڕێز عەمیدی قارەمان (.....) چونكە دووژنو دووماڵی هەیە.
- دوو پارچە زەوی بدرێت بەو دووكچە سەماكارەی هۆتێل (.......) چونكە بۆئەم قۆناغەی خەباتی میللەتەكەمان زۆر پێویستن.

# سەردێڕ

- مامۆستایەكی زانكۆ دەناسم لەبری قەڵەم دەمانچەیەكی ئەمەریكیو دووشانە فیشەك هەڵدەگرێت.
- پێرێ ئێوارە مفەوەزێكی تاج لەلاملی پۆلیس داوای مۆڵەتی شۆفێریی لە باوكم كرد لە فلكەی...
- ئەندامی سەكردایەتی حیزبێكی باڵادەست، وتارێكی سیاسی لەنووسەرێك بەچوارسەد دۆلار كڕیو بەسێ زنجیرە لەرۆژنامەی حیزبەكەیدا بڵاویكردەوە.
- حاوەنی نووسینگەیەكەی خۆشنووسی هەیە قتعەی سەر دوكانەكانی بەخۆشنووسێكی تر نوسیوە (شازی خۆشنووس).
- شێخێك لەسلێمانی پەیدا بووە بەگرەنتی نوشتە دەكاتو پارەكەشی بەقیست وەردەگرێت.

- بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەیەکی لیبراڵم دی لە فێستیڤاڵی عێلی جافدا سێ پێی هەڵدەپەڕی.
- دەڵێن کۆمەڵێك وشکە ئیسلامی لە مزگەوتێکی هەولێر تاوتوێی حکومەتی ئیسلامی داهاتووی کوردستانیان کردووە، ئایا ناوی حکومەت یان کۆماری ئیسلامی یان خەلافەتی کوردستان بێت؟
- بەمەلایەکیان وت (یجوز) یانی چی؟ وتی نابێ، وتیان ئەی (لایجوز) ؟ وتی ئەوە هەر نابێ، گەنجێك بە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی وت: باگەنجیش لە سەرکردایەتیدا هەبێ، لەوەڵامدا وتی: ئەوە هەر نابێ.
- لەوڵاتی سەیرو سەمەرەدا چیم نەدی؟ چاوەڕوانی سەردێڕی زیاترو سەمەرەتربن.